

رۆلا سەعد:

# صباح ئامۆژگاریم دەکات هەمیشە سادە بم

**به چاوه سیحراوییەکانی سەرنجی سەدان کەسی بۆ خۆی راکێشاوە، هیچ کاتێك لەخۆبایی بوون لە ژیانیدا هەستی پێنەکراوە و ناوبانگیش نەبۆتە هۆی ئەوەی کاری نابەجێ و سلبی لە هەڵسوکەوتیدا بەدی بکرێت، رۆلا سەعد کە جوانیی روخسار و دەنگ دوو تایبەتمەندین لەم کچە هونەرمەندەدا، توانیویەتی بوونی خۆی بسەلمێنێت لەنێوان ئەم هەموو دیاردانەی کە لەنێو هونەردا هەستیان پێدەکرێت، سادە و هێمنە، بەڵام لەکاتی پێویستیشدا زۆر بە توندی بەرگری لەخۆی دەکات، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بیناسین و بیدوێنین، گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵیدا ساز کرد.**

***سەرەتا پیرۆزبایی ئەوەت لێدەکەین کە بڕیاری قەدەغەکردنی گۆرانی گوتنت لەسەر هەڵگیرا لە میسر؟**

-زۆر سوپاس بۆ ئێوە، هەرچەندە من لەم کێشەیەدا دڵنیا بووم سەردەکەوم، چونکە ئەو بڕیارە ستەمکارانە بوو دژی من، بەڵام لە کۆتاییدا خوای گەورە هەموو زوڵم لێکراوێك سەر دەخات، هەروەها توانیم داواکەم دژی (هەیفا وەهبی ) لەسەر گۆرانی (ایە دە ایە دە)ش ببەمەوە.

***بەڵام ئێمە ئەو هەواڵەمان نەبیستووە؟**

-هۆیەکەی ئەوەیە کە زۆر شتی خۆش هەیە پێوەندی بە منەوە هەیە تیشکی ناخرێتە سەر لەلایەن میدیاکانەوە، بەڵام ئەگەر شتەکە لە بەرژەوەندی من نەبوایە، ئەوا هەواڵەکە بروسك ئاسا بڵاو دەبۆوە.

***تۆ بە دزینی گۆرانییەکە تاوانبار کرای، ئەمەش تاوانێکی ناشرین و قێزەونە، بۆچی هەڵمەتێکت دەست پێنەکرد بۆ روونکردنەوەی راستیەکان؟**

-زۆر جار لێدوانم دا دەربارەی ئەم بابەتە وابزانم ئەوەندەش بەس بوو.



*** گێڕانەوەی گۆرانییەکە بۆ تۆ نیشانەی ئەوەیە کە پەیوەندیت لەگەڵ هەیفا وەهبی ئاسایی دەبێتەوە؟**

- هێشتا مەسەلەی قەرەبوو کردنەوەی مەعنەوی ماوە و گێڕانەوەی ئیعتیبار ماوە، ئینجا دەزانین پەیوەندی نێوانمان بەچی دەگات.

***دەڵێن (ڕۆتانا) زۆر نازی تۆ هەڵدەگرێ ئەمە ڕاستە؟**

- بەپێچەوانەوە، بەڵام ئەو کۆمپانیایەم زۆر خۆشدەوێ و ئەویش گشت مافەکانم پێدەبەخشێت، چونکە ڕۆڵی بڵاوکردنەوە دەبینێت نەك بەرهەمهێنان.

*** واتە سوودیان بۆ تۆ هەیە؟**

- بێگومان، چونکە لەسەرەتاوە پابەند بوون بە ڕێککەوتننامەکەی نێوانمان، پێویستە مرۆڤ بەوەی لەبەر دەستیەتی تێر بێت و چاوی لەوەش نەبێ کە لە دەستی خەڵکدایە، چونکە ئەگەر وا بیر بکاتەوە سەرناکەوێ و هەموو شتێك دەدۆڕێنێت.

***هیچ کاتێك هەستت بە بێزاری و بیرت لە وازهێنان کردۆتەوە؟**

-هەموو مرۆڤێك هەندێك جار هەست بە ماندوو بوون دەکات و پێویستی بە حەسانەوە و وازهێنان لە هەموو ئەو شتانە هەیە کە بێزاری دەکەن بۆ ئەوەی بە دڵنیاییەوە بژێت، بەڵام لە کۆتاییدا خوای گەورە هەر جارێك هەستم بە ماندوو بوون کردبێت هێز و وزەی پێ بەخشیوم بۆ ئەوەی بەردەوام بم لە گۆڕەپانی هونەریدا.

***کارکردنت لەگەڵ SkinCeuticals لە لۆریال چۆن بوو و چی پێ بەخشی؟**

- زۆر دڵخۆشم، چونکە مارکەیەکی بەناوبانگی جیهانییە و دوای ڕکابەرییەکی زۆر لەگەڵ چەند کچە هونەرمەندێکی دیکە بە دەنگدان من هەڵبژێردرام، ئەوەی زۆر دڵخۆشم دەکات و پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ من، وێنەکانی من لە تەنیشت وێنەی هونەرمەندە جیهانییە گەورەکان دانراوە کە پێگەیەکی تایبەتییان هەیە.

*** دەڵێن کەناڵێکی تایبەتت لەسەر YouTube کردۆتەوە؟**

-من یەکەمجار ئەم پێشنیارەم خستەوە، ئەم کەناڵە تایبەتە بەناوی Rola Saad Channel کە تێیدا جەماوەر دەتوانێت هەموو ڤیدیۆییەکانی تایبەتی من ببینێت، دیمەنی ئاهەنگ، ڤیدیۆکلیپەکان، یانە دیمانە تەلەفزیۆنەکانی من ئەویش لە ڕێگەی تیمێکی تایبەتەوە.

*** پێتوایە میدیاکان پشتگوێیان خستبووی بۆیە ئەم کەناڵەت کردەوە؟**

-نەخێر، بەڵام ئەمەم پێ باشترە، هەروەها لەم حاڵەتەدا متمانە زیاتر دەبێت.

*** وەك ئافرەتێك ئێستا خۆت چۆن دێتە بەرچاو؟**

- کۆڵنەدەر، بەهێز، خەباتگێڕ.

***هەندێك کەس دەڵێن خەڵك وەك جاران خرۆشی بۆ هونەر نەماوە، ئەمە ڕاستە؟**

-لەم ڕۆژگارەدا هونەر پێویستی بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی بگەی بە شوێنێکی بەرز، من خۆم دوای چەندین ساڵ هێشتا بە هەموو توانای خۆمەوە کار دەکەم بۆ ئەوەی بگەم بە ئاواتەکانم و شتێك پێشکەش بکەم کە جەماوەری خۆشەویستم لێی ڕازی بێت.

*** صەباح چ ئامۆژگارییەکی پێشکەش کردی؟**

- قاچەکانم لەسەر زەوی بن و سادەیی خۆم بپارێزم، چونکە من مرۆڤم و لە مرۆڤم.

*** چەندین جار کاری نواندنت ئەنجامداوە، سەرەڕای ئەوەش ڕازی نەبووی ڕۆڵی صەباح ببینی، ئایا لە سەرنەکەوتن دەترسای؟**

-سوپاس بۆ خوا لە ئەزموونەکانی نواندندا زۆر سەرکەوتوو بووم، بەڵام ترسی ئەم جارەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕۆڵی ئافرەتێکی زۆر گەورە دەبینم و زۆریش زەحمەتە بتوانم ئەو ڕۆڵە وەکو خۆی بە وردی ببینم.

*** کاری نوێت چییە؟**

-بەم نزیکانە گۆرانییەك سینگڵ بڵاودەکەمەوە کە تێکەڵێکە لە سێ گۆرانی ئەوانیش (رقصنی دخلك یا حبیبی و یا زین و حبیب القلب) ئەمەش بەشێکە لە ئەلبوومە نوێیەکەم کە بەناوی (رولا تغنی صباح) دەبێت.

***چ پەیامێکت هەیە بۆ گەلی کورد؟**

-پێیان دەڵێم ئێوە هەنگاوی زۆرتان ناوە، چونکە میللەتێکی خەباتگێڕن و ژیانتان خۆشدەوێ و پەنا بەخوا سەردەکەون بەسەر هەموو ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووتان دەبنەوە، هیوادارم لە کوردستانیش ئاهەنگ ساز بکەم.



# پرشنگ توانا بە کورتی

**خانمە هونەرمەند پرشنگ توانا لە پەیوەندییەکدا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی کورتی گوڵانی دایەوە:**

- ئەو قسەیەی چیە کە زۆر حەزت لێیەتی بیڵێیتەوە؟
- کوردستانێکی سەربەخۆ .
- ئەو قسەیەی کە کەیفت پێ نایەت چییە؟
- وشەی نابێ .
- ئەو شتە چییە کە زۆر تووڕەت دەکات؟
- درۆ
- چی تو دەگرێنێت؟
- ڕووداوە تراژیدیەکان و ئەوانەی کە ئەمەوێ و نابێ .
- چی وات لێدەکات پێبکەنیت؟
- هەرکاتێک دڵم خۆش بێت .
- لەناو کوردستاندا بەکام کەسایەتی سەرسامی؟
- ئەی خۆشترین دەنگ چییە ؟
- ئەو دەنگەی هەستم دەبزوێنێ .
- ئەی کام تایبەتمەندی خۆتت پێ باشە؟
- هێمنی و لەسەرخۆیی .
- تۆ هیوایەتت چییە؟
- گۆرانی و مۆزیک
- لە کام کار یان بڕیاری خۆت پەشیمانی؟
- لە هیچ کامێکیان
- لەشەڕ و ناکۆکی



## دەشتی کەلهوری:

# هونەرمەند بە بەهرە و توانا پۆلین دەکرێت



هونەرمەندی لاو دەشتی کەلهوڕی لە وەڵامی پرسیارێك دەربارەی جیاوازی نێوان هونەرمەندان بەتایبەتی ئەوانە لە بۆنە و ئاهەنگەکان گۆرانی دەڵێن گوتی: نازانم هونەرمەند چ جیاوازییەکیان هەیە، بەڕای من تاکە پێوەری هونەرمەندان بریتییە لە توانا و بەهرە هونەرییەکانیان و چۆنیەتی ئەدا کردنی کارەکانیان، ئەمەش پێویستی بەوەیە هونەرمەند هەست بە لێپرساویەتی بکات بەرامبەر هەر کارێك کە ئەنجامی دەدات، هەروەها ئاستی رۆشنبیری و هونەری هونەرمەند و رادەی غەمخۆرییان بۆ هونەر و کلتووری نەتەوەکەمان، بۆیە پێموایە ئەمانە تاکە پێوەرە بۆ جیاکردنەوەی هونەرمەندان نەك بەشداری کردنیان لە ئاهەنگ و بۆنە تایبەتیەکان و گۆرانی گوتن لە ستۆدیۆکاندا.

دەشتی کەلهوری هەروەها سەبارەت بەم بابەتە وتی: هەرچەندە من گۆرانی لە ئاهەنگە تایبەتییەکانداناڵێم، بەڵام زۆر لە هونەرمەندە ناودارەکانی کورد لەم جۆرە ئاهەنگانەدا گۆرانییا گوتووە وەك حەسەن زیرەك و مشکۆ و ماملێ و رەزازی و زۆرانی دیکەش کە جێگای شانازیمانن بۆیە ناکرێ ئەمانە چۆن پۆلین بکەین.

## لۆیناردا لە چێشتخانەیەکەوە بۆ کەسایەتییەکی ناودار



کچە گۆرانیبێژی بەریتانی لوینا بڕیاریداوە خانووەکەی خۆی بفرۆشێت کە لە ئەمریکایە و بڕی ٢،٥ دۆلاری وەك نرخ بۆ خانووەکەی تەرخان کردووە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ئەمریکا.

گۆڤاری دایلی میرۆر رایگەیاند کە لویسی تەمەن ٢٦ ساڵ و ناوبانگێکی زۆری لە ئەمریکا دەرکردووە دوای ئەوەی پلەی یەکەمی لە بەرنامەی بەهرەداران (ئێکس فاکتۆر) سەرەتا لە چێشتخانەیەك کاری دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی ئەلبوومەکەی پلەی ١٣ی بەدەستهێنا لە ئەمریکا و لە بەریتانیاش لە پلەی یەکەم بوو بۆیە بیری لە جێهێشتنی ئەمریکا کردۆتەوە، هەروەها دەیەوێ کاتێکی زیاتر لە وڵاتی خۆی بەسەر ببات بە یاوەری سەماکاری ئەڵمانی دنیس جۆش و تا ئێستاش خانووەکەی لە لەندەن ماوە.



## سەمیر غانم:

# کە هاتمە کوردستان زۆرم خۆشویست

ئا/ لۆلان

سەمیر یوسف غانم هونەرمەندی کۆمیدی عەرەب لە ١٩٣٧ لەدایك بووە لەگەڵ هونەرمەند دەلال عەزیز ژیانی هاوسەری پێك هێناوە خاوەنی دوو کچن دینا و وئەمەل کە ناسراوە بە ئیمی .سەمیر غانم سەرەتای



ژیانی هونەری لەگەڵ گرووپی ڕووناکی شانۆ دەست پێکردووە کە لەزانکۆی ئەسکەندەریە لەلایەن قوتابیانەوە دروست کرابوو، هەروەها ئەندامی سەرەکی دەستەی دامەزراندنی ئەم تیپە بووە تا ساڵی ١٩٧٠ بەردەوام بووە لەگەڵیان، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە کۆلێژی کشتوکاڵ. (متجوزون،رمەزان فوق البرکان،٢٤ساعە حب)لە بەناوبانگترین کارەکانین دواترین کاریشی شانۆگەری (تەرەلەم لەم)بو کەماوەی سێ ساڵە بەردەوامە ماوەی پێشووش لە شاری هەولێر نمایش کرا وپێشوازیەکی گەرمی لێکراو لەلایەن کۆمپانیای عادل موتەحیدەوە بلیتەکان بە خۆڕایی بوو .شایەنی باسیشە لە مانگی ڕەمەزان دەست دەکاتەوە بە پێشکەش کردنی بەرنامەی فتوت کە بەرنامەیەکی(تۆك شویە).

کاتێك کە ویستمان چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەم هونەرمەندە خۆشەویستە بکەین زۆر خۆشحاڵ بوو، بەڵام بەهوی باری تەندروستی نەیتوانی زۆر لەگەڵمان بمێنێتەوە هەرچۆنێك بێت توانیمان لەکەوالیسی شانۆگەرییەوە تەرە بۆچەند ساتێك بیدوێنین سەرەتاش هەواڵی میسرمان لێکرد وتی: میسر زۆر باشە چاوتان ماچ دەکات سڵاوتان بۆ دەنێرێت لەلایەنی هونەریشەوە زۆر باشە هەروەك خۆیان ئەڵێن (زی الفل) سەبارەت بەکوردستانیش وتی: کوردستان مانگە، ڕۆژە، مرۆڤ شێت دەکات بە جوانییە بێ وێنەکەی و خەڵکە دڵفراوانەکەی بەو ئازادیەی کە هەیە کوردستان گۆناکانی لێوی پێئەکەنێت هەمیشە خەندە لە لێوەکانی دانابڕێت. سەبارەت بە شانۆگەریەکەی (تەرەلەم لەم) وتی: ئەم شانۆگەرییە لەبیرۆکەی خۆمە هەرخۆشم کاری دەرهێنانم بۆکردووە پاشان سەرجەم گۆرانی و ئاوازەکان خۆم دام ناون کارم بۆ کردووە تەنانەت هونەرمەندەکانیش خۆم پرۆڤەم پێکردوون هەوڵم لەگەڵ داون ئەدای ئەوانیش هەر ئەدای سەمیر غانمە. ماوەی سێ ساڵیشە لە میسر بەردەوامە ئەمرۆش هێناومانەتە کوردستانی خۆشەویست خۆتان بە چاوی خۆتان کارەکەتان بینی ئیتر ئێوە دەزانن پەیامەکە گەیشت یان نا .پاشان لە کارەکانی من کومیدیان هەموو لەبەر ئەوەی هەست بە پێکەنینی بینەر ئەکەم کەواتە پەیامەکەم گەیشتووە، هیوادارم جارێکی تر بێمەوە کوردستان کارەکانی ترم پێشکەش بکەم، چونکە کە هاتمە ئێرە کوردم زۆر خۆشویست بۆیە ئەڵێم زۆرم خۆش دەوێن ئەمرم بۆیان هەروەها وتیشی لەژیانم ئافرەت زۆر بەلامەوە گرنگە گرنگترین شتە بەلامەوە، لە خواردنیش حەزم بە برژاوەکانە بە تایبەت ماسی. زۆر دڵخۆشم بەو ئازادیەی کە لە کوردستان هەیە بێ چاوینی بێت ئیشەڵا هەر بەردەوام بێت. کە ویستیشمان پرسیاری سیاسی لێبکەین ئامادە نەبوو وەڵامی هیچ پرسیارێکی سیاسی بداتەوە. وتی سیاسەت کاری من نییە.

**فۆتۆ/ تایبەت بە گوڵان**



# حەسەن شەریف
# لە هەڵسەنگاندنی گۆڵاندا

**حەسەن شەریف هەر لە سەرەتای کاری هونەرییەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات ڕێچکە و ستایلێکی تایبەتی بۆخۆی هەڵبژاردووە و لە قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنیدا لەو ڕێچکەیە لای نەداوە، بگرە زیاتر پەرەی پێداوە و خزمەتێکی دیار و بەرچاوی بە هونەری کوردی کردووە، بۆیە لەم ژمارەیەدا بە پێویستمان زانی لە زاری کەسانێکی شارەزا لە بواری تێکست و ئاوازەوە هەڵسەنگاندنێك بۆ کارەکانی بکەین.**

### خەسڵەتە پێویستەکانی هونەرمەندی تێدا بەدی دەکرێت

مامۆستای هونەرمەند دڵشاد محەمەد سەعید دەربارەی کاروانی هونەری هونەرمەند حەسەن شەریف دەڵێ: گۆرانیبێژی ڕەسەن پێویستە چەند تایبەتمەندییەکی هەبێت، لەوانە: دەنگێکی بەهێز، تەبەقەی بەرز و نزم، تۆنی خاوێن و گوێی موزیکی، کۆنترۆڵ کردنی دەنگ و نەبرەی ڕەنگاوڕەنگ، بەڵام نەبرەیەکی کۆنترۆڵ کراو.

ئەمانەی کە باسم کردن و زۆریش پێویستن بۆ هەر گۆرانیبێژێك کە بیەوێ سەرکەوتوو بێت و ناوی بنێین هونەرمەند، ئەمانە هەموویان لە حەسەن شەریفدا بەدی دەکرێن، جگە لەمانە کە پەیوەستن بەلایەنی هونەرییەوە، لەلایەنی کەسایەتیش کاك حەسەن مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاو و دوورە لە لەخۆبایی بوون (کە ئەمەیان خەسڵەتێکە زۆر زۆر پێویستە لە هەر هونەرمەندێکدا هەبێت، چونکە کەسایەتی هونەرمەند پێوەرێکە بۆ ئەوەی جەماوەر بڕیاری لەسەر بدات)، هەروەها هونەرمەندێکی خاوەن پرەنسیپە لە ژیانی خۆیدا، بۆیە من لە دڵەوە هیوای سەرکەوتنی بەردەوامی بۆ دەخوازم لە ژیانیدا.

### کاتی ئەوە هاتووە بەرهەمەکانی لە کوردستان تۆمار بکات

هونەرمەند جەمال محەمەد سەرۆکی تیپی مۆسیقای دهۆك دەڵێ: هەر لە سەرەتادا لەڕێگەی گۆرانی فۆلکلۆری و شۆڕشگێڕییەوە خزمەت بە هونەری کوردی بکات، شارەزایانە شیعر و ئاوازەکانی هەڵدەبژێرێت، ئەم هونەرمەندە چەندین ستایلی جیاجیای بەکارهێناوە و شارەزایی هەبووە لە هەڵبژاردنی هەر گۆرانییەك لەکاتی خۆیدا، ئەمەش تایبەتمەندییەکی کاك حەسەنە، بۆیە دەبینین لە بەرهەمەکانیدا ستایلی جیاجیا بەدی دەکرێت بە جۆرێك کە لەو ڕێچکەیە دەرنەچێت کە بۆی داناوە و ماندوبوونێکی زۆریش بە بەرهەمەکانییەوە دیارە، هەروەها یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی حەسەن شەریف ئەوەیە کە دەنگی مەودا و هێزێکی زۆری هەیە، هەر لەبەر ئەوە دەبینین توانیویەتی سەرکەوێت بەسەر زۆر لە ئاستەنگەکان و داهێنان بکات دیسان ئەمەش بۆ زیرەکی و توانای کاك حەسەن دەگەڕێتەوە، لەلایەکی دیکەوە لە بواری مەوال و مەقام هەوڵیداوە مۆرکی فۆلکلۆر و موزیکی کوردی بەسەر کارەکانییەوە دیار بێت، چونکە خاوەن دەنگێکی چیاییە کە دەگونجێت لەگەڵ فۆلکلۆری کوردی و خۆیشی هەوڵیداوە ئەمە بپارێزێت و ئەوەی لەبەرچاو گرتووە، لە هەموویشی گرنگتر ئەوەیە کە حەسەن شەریف توانیویەتی مۆرکێکی تایبەت بدات بە گۆرانی کوردی بە جۆرێك ئەگەر کەسێك نەیبینێت دەزانێت ئەمە هی حەسەن-ە، تەنیا تێبینیم لەسەر کارەکانی ئەوەیە کە زۆر لە کارەکانی لە وڵاتی تورکیا ئەنجامداوە ئەویش لەوانەیە بۆ نەبوونی ئامێر و کەرەستەی پێویست بگەڕێتەوە،

كـــە ئەوكات لە كوردســـتان نەبوون، بەڵام ئێســـتا كوردســـتان لە هەموو بوارێكـــەوە زۆر دەوڵەمەندە وەك ســـتۆدیۆ و ئامێر و موزیسیان، بۆیە هیوادارم لەمـــەودوا كارەكانی لە كوردســـتان ئەنجام بدات، چونكە بە تێپەڕبوونی كات لەوانەیە بە هەرشێوەیەك بێت مۆركێكی توركی بەسەر كارەكانییەوە هەستی پێ بكرێت بەتایبەتی ئەگەر موزیسیـــانەكان تورك بـــن و لەوانەیە وەكو ئێمە شـــارەزای فۆلكلۆری و موزیكی كوردی نەبن.

**حەسەن ێی هەژی هندێیە ژیان و هونەرا وی د پەرتوكەكێدا بێتە بەلاڤ كرن**

شاعیر ئەدیب چەلكی كە چەند ساڵە دگەل حەسەن شـــەریفی چەند شـــولەك كرینە دەربارەی حەسەن شـــەریف دەڵێ :بێگومان نە یا بسەناهی و هێسانە كو مـــرۆڤ بكاریت هونەرێ هونەرمەندێ رێزدار حەسەن شـــەریف دچەند رێزكان دا بنرخینیت، لێ ئەگەر ب نەچاری بیت، ئەز دكارم گۆتنێن خوە ب كورتی لسەر ڤان تەوەران پارڤەكەم و ببێژم:

ئێـــك : وەك خەلكێ قەزا ئامێدیـــێ / پارێزگەها دهۆكێ و دەڤەرا بەهدینان:

ل كوردســـتانێ ب گشتی هونەرمەندێن رەوشەنبیر دكێمبوون. ئێك ژ هونەرمەندێن هەرێن رەوشەنبیرێن كوردســـتانێ، هونەرمەندێ نەمر تەحســـین تەها یـــە، كو ئەو ئێكە ژ دامەزرینەرێن ســـترانا نوو یا كوردی ب گشـــتی و سترانا نیشتمانی بتایبەتی. ب دیتنا من حەسەن شـــەریف د دەڤەرا بەهدیناندا باشترین شاگردێ وییە و درێژەپێدانا رێبازێ وییە دهونەرێ ســـترانێدا، دگەل جوداهیێن تایبەتێن هەر ئێكی ژ وان. راســـتە كو كاك حەســـەن وەك وی نەدەرچوویـــێ پەیمانگەها هونەرێـــن جوانە، لێ ل هەیاما كۆچبەریێ ل باكور، پاشـــی ل سوید ژی حەسەنی ســـەربوورا خوە ب پراكتیك و ب خاندنا بەردەواما پەرتوكا دەولەمەندكر. د وارێ نیشتمانی ژی دا، حەســـەن ب كەسینیا خوە ژی پێشمەرگە بوویەو ب سترانێن خوە ژی هەرێ بەردەوامە لسەر رێبازێ نەتەوی، مینا تحســـین گە ی و ب دەهان سترانێن نیشتمانی پێشكێشكری نە.

دو : ئاگەهداریـــا بەرفرەها كاك حەســـەن لســـەر ســـترانێن گەلێـــری و ڤەخوارنـــا وی ژ كانیـــا فۆلكلـــۆرێ دەولەمندێ كوردی، ژێدەرێ هەرێ مەزنێ رەسەناتیا وی یە.

سێ :سەربوورا من دگەل ویدا. گەلەك هونەرمەندا تێكستێن من ســـتراندینە، لێ پشكا شێری بەهرا كاك حەســـەن بوونەو وی گەلەك جوان و ب ئەداو ئاوایەك گەلەك بلندو هێژا گۆتینە، كو ئەز هەموو رامـــان و مەبســـتێن خوە د تێكســـتێن خوە دا، ب رەنگەك باش، دستراندنا وی دا دبینم. ئەو گەلەك باش مافێ پەیڤاو پیتا ددەتێ و ئاوازێن گونجایی – كـــو ژ مـــۆركا كـــوردی دەرناكەڤـــن – بۆ هەلدبژێریت و ئەو ب خوە ژی ئاوازدانەرەك باشـــە. سترانا بەیتا لالش ئێك ژ تێكستێن هەرێن ناڤدارێن منە و ب دەنگێ وی هاتە ستراندن باشترین نمۆنەو میناكە دڤی واریدا. دەرهینەرێ هێژا حسێن حەسەن كلیپا وێ چێكرو ل ٨ مەها ئێك ل ســـالا ٢٠٠٦ ل ئێكەمین فیســـتیڤالا كلیپێن كوردی ل زاخۆ، پلا ئێكێ وەرگرت و گەلەك خەلات ژی وەرگرتن. ب دیتنا من سترانا بەیتا لالش ناڤبرا دو قویناغایە د كاروانێ هونەری یێ ویدا، چونكی ئەڤ سترانە (وەك هونەر) تاجا ســـتراناو داســـتانێن كوردییەو كارەكێ هەرێ نوو بوو دسترانا كوردیدا. ژ ئالی یێ هەڤالینیێ ڤـــە ژی – كو ئەز بهایەك مەزن ددەمێ – كاك حەسەن گەلەكێ وەفادارە و ب چ رەنگا هەڤالێ خـــۆ ناهێلیت و مافێ وان ناخۆت. بـــۆ نمۆنە ژی، دئەلبوما خـــوە یا ب ناڤێ (ئاڤ و ئاڤ) دا، كو ل ســـالا ٢٠٠٧ ێ بەلاڤبوو، وەك رێزگرتن بۆ هەڤالێن خوە یێن هەلبەســـتڤان، وێنێن مە هەمیان (یێن پشـــكداری وێ ئەلبومێ) لسەر دیزاینـــێ ئەلبوما خوە بەلاڤكـــرن، كو ئەڤە ژی وەفاداریەكەو هزرەكا جوانە، تا نها چ هونەرمەندێن كورد نەكریە.

چار:هونەرمەندەكێ سنۆربڕە:ب حوكمێ هەبوونا بەرهەمەك مەزن (نێزیكی ٢٠ ئەلبوم و ســـینگلا) و هونـــەرەك بلنـــدو پڕ تاما چیایی و رەســـەناتیا كـــوردی، ب حوكمێ هەبوونا گەلەك ســـترانێن نەتەوەیـــی و خوەدی ئارمانجێـــن گرێدایی خەم و ژانێن خەلكی ب دەنگەك خۆش و ئاوایەك گەلەك هێژاو هونەری، ژبەر هەلویستێن وی یێن نەتەوی و گەلەك ئەگەرێن دن، حەسەن شەریف هونەرمەندەك سنووربڕەو هونەرو ناڤداریا وی ژ سنۆرێن باشورێ كوردستانێ دەرباسبوونە، خەلكێ هەموو پار چێن كوردستانا مەزن و دەرڤەی وەلاتی ژی گوهداریا سترانێن وی دكەن.

پێنج :گلی و گازندە. ل ڤی سەردەمی ئەگەر ستران نەبیتە كلیپ، ناهێتەدیتن و گوهداریكرن ژ ئالییێ خەلكی ڤە. مخابن كو كەكێ حەســـەن سترانێن خوە گەلەك كێم كلیپ دكەت، چاخێ ئەلبومەكا وی ژی دەردكەڤیـــت، هندەك جارا هەلبژارتنا وی بۆ كلیپكرنا ســـترانەكی نەدجهێ خوە دا یە. بۆ نمۆنە چاخێ ئەلبووما خوە یا ٢٠٠٤ ێ دەرخستی سترانا (مزگین ئەی شەهید)- كو هەلبەستا كاك رزگار كێستەیی یە، كرە كلیپ و گەلەك دجهێ خوەدا بوو، گەلەك باشبوو. لێ چاخێ ئەلبوما خوە یا ٢٠٠٧ ێ دەرخستی، ســـترانا (پۆشمانێ) كو ئەو ژی تێكســـتا كاك رزگار كێستەیی یە، كرە كلیـــپ و مخابن د جهێ خـــۆ دا نەبوو. ب دیتنا مـــن دڤێت هنگی (ئاڤ و ئاڤ) كلیپ كربایە. هەلبەت پڕانیا هەرا مەزنا ســـترانێن ناڤدارێن وی نەهاتینە كلیپكرن.

گازندا دن ژی ئەوە كو مخابن حەتا نها حكومەتا هەرێما كوردســـتانێ چ هاریكاریەكا هێژا بۆ ڤی هونەرمەنـــدی نەكریەو هیڤیدارم دپاشـــەڕۆژەكا نێزیك دا بكەت.

ب كورتی: حەسەن شەریف خاندنگەهەكا سەربخۆ یا ســـترانێیە، هندەك ژ رەسەناتی و هەڤچەرخی یا خوە د دئاواز و ســـترانادا ژ ڤـــان رەگەزان (دگەل هندكێـــن دن) وەرگرتییە: فۆلكلۆرێ كوردی. ژ كلاسیكان هونەرێ مامۆستایان تاهرێ سەعیدێ عەبۆ و هەرســـێ قولنگێن جزیرا بۆتان ســـەعید ئاغا، محەمەد عارف و حەســـەنێ جزیری، و ژ سترانبێژێن سەردەم ژی تەحسین تەها.

ل داویێ: پێشـــنیار دكەم كو پەرتۆكەك تایبەت لســـەر ژیان و هونەرێ حەسەن شـــەریف بهێتە بەرهەڤكـــرن و بەلاڤكرن، كو دگەل ژیانا وی و هەموو تێكســـتێن سترانێن وی، چەند لێكۆلینێن ئەكادیمی ژی لسەر هونەرێ وی، دهندڕی خوە دا كۆمكەت.

**گرنگی بە چۆنایەتی دەدات نەك چەندایەتی**

رزگار كێستەیی شاعیر كە ئەویش هاوكارییەكی زۆری هونەرمەنـــد حەســـەن شـــەریفی كردووە، دەربارەی ئەو هونەرمەندە دەڵێت: حەسەن شەریف ٢٠-٣٠ شیعری منی كردۆتە گۆرانی، چونكە یەكێكە لە هونەرمەنـــدە دەگمەنەكانی باكووری كوردستان كە شێواز و ستایلی كوردی پاكژ سەد دەر سەد بپارێزێت و توانیویەتی موزیكی كوردی لەو چوارچێوەیەدا پێش بخات، جگە لە هەڵوێستە نیشـــتمانیەكانی و خەباتـــی دوور و درێژی وەك هونەرمەندیش هەمیشە گرنگی داوە بە چۆنایەتی هونەر نەك چەندایەتی، ئێستا بە دەیان گۆرانی و ئاوازی ئامادەی لەبەر دەســـتە، بەڵام تا سەد دەر سەد لێی رازی نەبێت پێشكەشی ناكات، حەسەن كاری هونەری ناكات بۆ ئەوەی تەنیا بڵێن كاری كردووە و كار دەكات، بەڵكو هەمیشە بە دڵسۆزی كاری كـــردووە بۆ پێشكەشـــكردنی هونەرێكی رەســـەن، هەروەها یەكێكە لـــەو هونەرمەندانەی دەتوانین بڵێین كە ســـوتاوی هونەر و بە عەشقەوە هونەرمەندە، یەكێكە لەو هونەرمەندە دەگمەنانەی باشووری كوردستان كە عاشق و هەواداری هەبێت لە هەموو پارچەكانی كوردستان، كەواتە یەكێكی دیكـــە لە تایبەتمەندیەكانی حەســـەن شـــەریف ئەوەیە نەبۆتە هونەرمەندی دەڤەرێكی دیاریكراو ئەمەش بۆ زیرەكی و لێهاتوویی حەســـەن شەریف دەگەڕێتەوە.

**هەر كارێك دەكات لە كاری پێشووی باشترە**

خانمە هونەرمەند نازدار كە لە دوایین بەرهەمی خۆیدا لەگەڵ هونەرمەند حەسەن شەریف گوتووە دەربـــارەی كارەكانی وتی: حەســـەن شـــەریف هونەرمەندێكی ســـەركەوتووە لەســـەر ئاســـتی هەرچوار پارچەی كوردستان كارەكانی مۆركێكی كوردانەی رەسەنی پێوە دیارە و دەنگێكی كوردی هەیە، زۆر خۆشـــحاڵم كـــە توانیم كاری لەگەڵ بكـــەم كارەكەش تاڕاددەیەكی زۆر ســـەركەوتوو بوو خەڵك بەدڵێكی خۆشـــەوە پێشـــوازی لێكرد، كەســـێكی تابڵێی خاوەن كەسایەتییەكی بەرزە و دەزانی چۆن مامەڵـــە لەگەڵ بەرامبەر بكات و چۆن رێزیان بگرێت و هاوڕێیەكی نزیكی منە.

وەكـــو ســـتایلی كارە هونەرییەكانیشـــی ئێمـــە پێویســـتیمان بەو جۆرە ســـتایلە هەیە، بەرهەمە فۆلكلۆرییـــەكان زۆر بە جوان دەڵێت و زیندوویان دەكاتەوە. مـــن كارەكانی زۆر باش دەبینم و هەر بەرهەمێكـــی نـــوێ پێشـــكەش دەكات لەكاری پێشووی باشترە و زۆر بەجوانی بەڕێوەی دەبات و هیوای سەركەوتنی بەردەوامی بۆ دەخوازم.